سەما و.. سووتان

دیسانەوە .. ئەی کۆترە خنجیلانەکەی بەر دڵم

هاتیتەوە بەر سێبەری هەیوانی مزگەوتی خەونم

تۆ .. ئەی ئەو ڕووباری خوێنەی مەلەی تیا دەکەم

تۆ .. ئەی ئەو شاخی خەمەی هەڵمگرتووی .. ماندوو نابم

مەڕوانە هێمنیم ..

من ئەو دەریا بێگێژەنەیە نیم .. خۆشت دەوێ

وەرە بزانە ..

چ دارستانێکی مەزن لە نێو مێشکما .. دەسووتێ !

چۆن نەترسای .. ئەو هەموو باڵندە تەریوانەت ..

ڕەوانەی هێلانەکانی ئەم دارستانەی من کرد؟

وەرەو .. ئاسمانی خۆتیان بۆ واڵاکە..

وەرە بۆ دوا جار ..

بۆنی پەڕوباڵی سووتاویان بکە !

دەڵێن: ئەمساڵ زستانێکی زۆر سەخت میوانی .. ئەم وڵاتەیە

قەت مەترسە ..

وەرە بەر ئاگری ئەم دارستانەی مێشکی من ..

کە بە هیچ بارانێکی ئەستوور دانامرکێ ..

ئەوسا .. کە سەهۆڵی نێو دەمارەکانت توایەوە

هەر وەك کەزی و زولفەکانت خاوبوونەوە..

هەستەوە و .. سەمایەکی شێتانەم بۆ بکە

ئاخر گیانە .. دونیا چییە .. عیشق چییە .. ؟

- تەنها سەما و سووتانێکە !

تۆ تیشکی خۆر نیت..

کە خەڵکی بەیانیان پێڵوو هەڵدێنن ..

تیشکی خۆر دەپرژێتە چاویانەوە ..

کەچی بارانی خەمە خۆشەکەی تۆ ..

بەرایی لافاوی هەتاو دەگرێ و ..

دەبارێتە ناو چاوانم ..

پێش تیشکی خۆر دەپرژێتە ناو هەناوم

تۆ دەباری و .. هەر دەباری و ..

هەر دەباری ..

ڕەشەبای شارەکەشت .. هیچ چەترێکی پێنەهێشتووم

تۆ چۆن توانیت هەم چەتر بیت و هەم باران ؟

تۆ .. ئەو دەنکە گەنمە بەجێماوەی.. وایت لە ماڵە هەژارێکدا .. مێروولە سوورەکانی گیانم .. بۆنت دەکەن ..

دەورت دەدەن.. ئاخۆ دەتوانن .. هەڵتبگرن ؟

من و تۆ .. دوو تووڵە ڕێی باریکی خەمێکین ..

لە دووڕیانێکدا.. بووین بە خەمی شارێگەیەك

[هۆ ڕێبوارە شەکەتەکەی ئەو ڕێگەیە ..

گەر دەتەوێ ونت نەکەین ..

کۆسپەکانت بۆ تەخت کەین

عیشقی ئێمە و .. هەموو تووڵە ڕێگەیەکی ئەم دونیایە ..

بۆ شارەکەت بگێڕەوە !]

ئەی گەنجینە شاراوەکەی زەمانێکی زۆر دێرین ..

من دەترسم .. چۆن نەترسم

منی لات و بەردکێشی ئەم شاخانە .. تۆم دۆزییەوە ..

چۆن بتوانم ..

لە هەزارەها برسی و چەتە و ڕێگرەکان .. بتشارمەوە ؟

بەدبەختییە ..

بەدبەختیش نییە ..

لەم قات و قڕی و نەهاتییە ..

لەم برسیەتییە ..

تۆم دۆزییەوە ..

ئەی کۆترە خنجیلانەکەی ..

بەر دڵم !

1979